## گەنج و نەمانی پیوەری ئەخلاقی لە سەنتەرەکانی ئەنتەرنێت لە کوردستان ... گۆران هەریری

زۆر جار گوێبیستی بابەتی هەمەجۆر دەبین و لەهەمان کات چەندین ریپۆرتاژ و ووتاری پەیوەند بە بواری ئەنتەرنێت و چۆنیەتی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە مۆدێرنە دەخوێنینەوە کە جیا لەوەی هەموویان لە یەک خولگەی پەیوەندیدار بە چەندێتی و چۆنیەتی بەکاربردنی هێڵەکانی ئەنتەرنێت و سوود وەرگرتنی گشت چین و توێژی هاولاّتیان لێی، لەهەمان کاتدا برایانی رۆژنامەنووس ئەوانەی زیاتر لەیەک لایەنەوە سەیری بابەتەکە دەکەن و گشتیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت گۆڕانکارییەکی بەردەوام لە چەندێتی و چۆنیەتی ئەو خزمەتگوزارییە و زۆربەی کات داواکار و هیواخوازن کە سەنتەرەکانی ئەنتەرنێت" زگیان بە خەڵکی کورت دەرامەتی کوردستان" و توێژی لاوان بسوتێت و هەوڵ بدەن زۆرترین کەس بەدەوری خۆیان کۆ بکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەو برا رۆژنامەنووسانە قەڵەمەکانیان لە ئاست خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێتی قۆرخکراو لەلایەن کەرتی تایبەت چ لە شاری سلێمانی و چ لە شاری هەولێر کورتی دەنوێنێت و تاوەکو ئێستا رۆژنامەنووسێکمان نەبینیوە ریپۆرتاژێک لەسەر کۆمپانیای کوردستان نێت و ئەو کۆمپانیایەی تری سلێمانی بنووسێت و تیشک بخاتە سەر کەموکورتی یەکانیان و گۆێ لە گازاندەی خەڵکانی بەشداربووی ئەو دوو کۆمپانیایە بگرێت.

بەهەرحاڵ ئەسڵی بابەتەکەمان ئەوە نییە بزانین شێوازی ئیشکردنی ئەو یان ئەو هەڵبسەنگێنین بەڵکو ئەوەیان پەیوەستە بە لایەنی راگەیاندنی سەر بەهەردوو کۆمپانیا و دەتوانن ئامارێکی دروست لەسەر چۆنیەتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانیان بۆ خەڵک روون بکەنەوە و ئاماژە بە کارو چالاکییەکانی خۆیان بکەن لەم رووەوە، ئەوەی من مەبەستمە بیروژێنم لە ئەو بابەتەی وەک تێبینی دەکەن لە تایتلەکەی بریتییە لە نەمانی پیوەری ئەخلاقی لەلایەن زوربەی زۆری ئەو گەنجانەی هاموشۆی سەنتەرەکانی بەکاربردنی ئەنتەرنێت دەکەن، برای رۆژنامەنووس کاتێک کە هەڵدەستێت ریپۆرتاژێک ئامادە دەکات و تیشک دەخاتە سەر کێشە و گرفتی لاوان و گەنجانی ئیمڕۆی کوردستان، ئەو گەنجانەی کە زۆربەی کاتیان لە سەنتەرەکان بەسەرئەبەن کۆمەڵێک داواکاری گەنجان زەق دەکەنەوە و لە کۆتایی ریپۆرتاژ هیواخوازن سەنتەرەکان ئەو کەموکوڕییانە کۆتایی پێ بهێنن بەلاّم لەهەمان کات ئەوەی بیر چۆتەوە کە چۆن گەنجی کوردستانی داواکاری هەیە و بێ شک هەقی خۆیەتی داواشی بکات بەلاّم دەبێت گوێبیستی گرفتەکانی خاوەن سەنتەرکان و ئەو هەموو رۆژانە گرفتەی رووبەرووی دەبینەوە ببێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی دەربرینی بیروڕای هەردوولا لاسەنگیەکی تێ نەکەوێت.

ماوەیەکی زۆرە خۆم دوورە پەرێز کردووە لە وورووژاندنی ئەو بابەتە بەلاّم کاتێک کە مەنجەڵ پڕبوو لێی دەڕژێ، بە داخەوە وەک ئامارێکی رۆژانە دەتوانم بلێم % 80 ئەو گەنجانەی هاموشۆی سەنتەرکان دەکەن جیا لەوەی کە بابەتی سێکسی و ماڵپەڕی پەیوەندیدار بە بابەتە وروژێنەرە سێکسیەکان سەرەکی ترین بابەتە کە خۆی پێوە خەریک دەکات لە هەمان کات چات کردن و چوونەژوورەوەی ژوورەکانی وەک چایخانە و هاوشێوەی چایخانە لە بەرنامەی پاڵتۆڵک شێوازێکی تری خۆخەریک کردنە بە شتی بێسوود، بەلاّم پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین کە رێژەی بەکاربردنی ئەنتەرنێت رۆژ بە رۆژ بەرەو زیادبوون دەچێت و توێژی لاوان زووربەی زۆری ئەو زیادییە پێک دێنن و خەریکە ئەو دیاردەیەش دەبێتە دیاردەیەکی قێزەوەن و ناتوانین کۆنترۆڵ بکرێت چونکە جیا لەوەی کە گەڕان بە نێو ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت بێ سانسۆرە لە کوردستان لەهەمان کات هەرزانترین نرخی بەکاربردنی ئەنتەرنێت لەکوردستانە (1 کاتژمێر = 1000 دیناری چاپی تازە کە ناکاتە دۆلاّرێک. نرخی دۆلار لە بازارەکانی کوردستان = 1470 دیناری چاپی تازە) جا بۆیە دابینکردنی 1000 دینار بۆ گەنجێک زۆر ماندووبونی تێ ناچێت و جیا لەوەی 1000 دینار بەسە بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی دابمرکێنێت و لە ماوەی 1 کاتژمێردا ئەوەی لە ناخی دایە بە سەیرکردنی وێنەی رووت هەڵیدەرێژێت و لەوەیانە ناهەقی نییە چونکە لە کۆمەڵگەیەکی وا پەروەردە و گەشەی کردووە کە باسکردنی چۆنیەتی ئەنجامدانی

کاری سێکسی وەک ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی زانیارییەکانی لەو بارەوە بە تۆپەڵێک لە جوێنی بازاڕی و سوکایەتی پێکردن و چاوسورکدنەوەی لە مست نراو دەرگای ئەو باسەی بەرەو رووی دائەخرێت.
کاتێک کە گەنج روو لە سەنتەرکانی ئەنتەرنێت دەکات بێگومان گشت پەنجەی دەست وەک یەک وانییە و، پێویستی بە چەند ئامرازێک دەبێت بۆ راپەڕاندنی کاروباری خۆی، بۆ نموونە: هێدفۆن **headphone** بۆ ئەوەی بتوانێت قسە لەگەڵ کەس و کاری لە دەرەوەی وڵات یاخود لەگەڵ خۆشەویستەکەی یاخود بۆ هەر مەبەستێکی تر، بەڵام کە داوای هێدفۆن دەکات لە فەرمانبەری سەنتەر گوێبیستی ووشەی: نیمانە یاخود کار ناکات یان بۆ خۆت بگەڕێ بزانە کامەی کاردەکات، کە لەم حاڵەتەدا جیا لەوەی ئەو گەنجە تووشی نائومێدی دەکات و، لەهەمان کات ناهەقی فەرمانبەرەکەی سەنتەر ناگرم لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:
زۆربەی ئەو هێدفۆنانەی لەسەنتەرکان کاریان پێ دەکرێت دەبێت دوای 2 هەفتە یان فڕێ بدرێن یاخود هی تری نوێ بکڕێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەی دوای ئەوەی کەسانی نەفس نزم کار بە هێدفۆنەکە دەکەن **mic** واتە مایکرفۆنەکەی دەشکێنن و لەوانەیە بە جگەرە وایەری هێدفۆنەکە بسوتێنن و بەم کارەشی جیا لەوەی زەرەر بە خاوەن سەنتەرکە دەگەیەنێت، خەڵکانی تر بێ ئومێد دەکات لە بەکاربردنی.
خاوەن سەنتەرێکی شاری هەولێر گلەیی ئەوەی لەلا کردووم کە تا 2 هەفتە لەمەوپێش خەڵکانێکی وا هاموشۆی سەنتەرکەیان کردووە و توانیویانە **webcam 2** و **mouse 4** بدزن و چەندین هێدفۆنی نوێ یان بێ کەلک کردووە لێی چ بە شکاندنی **mic** ەکەی یاخود بە پساندن و سووتاندنی وایەری هێدفۆنەکە، جا وەرە تۆ لە ماوەی تەنیا 2 هەفتە **webcam 2** کە نرخی هەریەکەیان **120$** و **mouse 4** ی لێزەری کە نرخی هەریەکەیان **13$** ە و جیا لەو چەندین **headphone** انەی کە نرخی هەریەکەیان **5$** ە وەک زەرەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ئەو **1000** دینارەی ئەو کەسانە پێتی دەدەن هەڵسوکەوتت چۆن دەبێت لە داهاتوو لەگەڵ کەسانی وا؟!
خاوەن سەنتەرێک تر بۆی باس کردم کە برادەرێکی خۆی هاتۆتە لای و حەزی کردووە هێڵی ئەنتەرنێت بەکاربێنێت و لەبەر ئەوەی سەنتەرەکەشی جمەی هاتووە لە خەڵک و جێگای نەبووە پاش ماوەیەک پشوودان جێگایەک بەتاڵ بووە و ئەمیش رێک برادەرەکەی خۆی بۆ ئەو شوێنە رەوانە کردووە، دوای 5 خولەک هاوەڵەکەی هاتۆتە لای و گوتویەتی: خاڵۆ ئەو شوێنەی تۆ منت بۆی ناردووە **mouse** ی تیا نییە، ئەمیش وای زانیوە گاڵتەی لەگەڵر دەکات، بەڵام کاتێک دەچێت سەیری شوێنەکە دەکات دەبینێت قسەی هاوەڵەکەی راستە و هیچ ئەسەرێکی ماوسەکە نەماوە!!
ئەو رووداوە رێک لە سەنتەرەکی خۆمانەوە روویداوە و منیش تیایدا زۆر شەرمەزار بووم لە ئاست برادەرێکی خۆشەویستی خۆم. کاتێک کە جێگام نەبوو برادەرەکەم لەلام دانیشتبوو و خەریکی قسە بووین، کەسێک هەڵسا و منیش رێک برادەرەکەم بۆ شوێنی ئەو کەسە راوانە کرد دوای ماوەیەکی کورت برادەرەکەم گەڕایەوە بۆ لام و بە روویەکی سورهەڵگەڕاو گوتی: برالە من لەم شوێنە دانانیشم، منیش گەوتم: کاکە گیان ئەگەر شتی سێکسی لەسەر شاشەکە هەیە بە **restart** ێک دەروات، گوتی: کاکە من چاوەڕێی جێگایەکی تر ئەکەم و لەم شوێنە دانانیشم. منیش زۆرم پێ سەیر بوو و، کاتێک کە چووم بۆ شوێنەکە سەیرم کرد جێگاکە و کورسیەکە تەڕی بوو لە سپێرمی کەسی پێشوو، توومەز ئەو کەسە ئارەزووی خۆی بە دەست لەهەمان شوێن دامرکاندووە و، فریای ئەوە نەکەوتووە یان بە شتێکی لاوەکی شوبهاندووە کە جێگاکە خاوێن بکاتەوە و ئینجا بڕوات، منیش لە نهێنی دانەنیشتنی برادەرەکەم گەیشتم.
ئم رووداوانە و چەندین رووداوی تری وەک ئەوەی کەسانێک دێن بۆ ناو سەنتەر و هێمنی سەنتەر تێک دەدن و کاتێک کە لە شوێنێک دادەنیشێت وە دەزانێت تەنیا خۆی لە سەنتەر دانیشتووە و هیچ حیسیابێک بۆ کەسانی دەورووبەری خۆی ناکات و کاتێک کە فەرمانبەری سەنتەر داوای لێدەکات هێمنی بنوێنێت کاردانەوەی جیا جیا دەنوێنێت وەک ئەوەی بەرەو رووی فەرمانبەرکە هەڵدەشاخێتەوە و قسەی نابەجی دەکات یاخود لەرقی ئەوەی داوای لێکراوە رێزی کەشی ناو سەنتەر بگرێت شتێک یاخود ئامرازێک لە کاردەخات، گەنجی تریش هەن هەڵدەستن بە دانانی بەرنامەی تایبەت بە هەکک کردن بۆ ئەوەی بتوانن سریالی کەسانی تر یاخود ئیمەیڵی خەڵکانی بێ ئاگا لەم جۆرە کارانە بقۆزنەوە بۆ مەرامێکی تایبەت بە خۆیان و هەڵدەستن بە ئازاردانی هەستی خەڵکی بەم جۆرە کارانە و، لەهەمان کات شێواندنی ناووبانگی سەنتەرەکان بەوەی خەڵک هاموشۆی هەمان سەنتەر ناکاتەوە کە ئیمایڵی یاخود **I.D** یەکی تایبەت بەخۆی لەلایەن ئەم جۆرە کەسانە برداروە و، ئەو کەسەش لە فلانە سەنتەر

**ئەم کارەی کردووە، بێگومان ئەم جۆرە کارانە وای کردوون خاوەن سەنتەرکان بیر لە چەندین ڕێگا بکەنەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم جۆرە کارە تێکدەرانە کە هەمووی لە کۆتاییدا کار لە چۆنیەتی و چەندێتی بەکاربردنی هێڵەکانی ئەنتەرنێت دەکات.**

**بێگومانم لەوەی ڕووداوی لەمە زیاتر هەن کە تووشی هاوەڵانی تری خۆم بوون لە بەڕێوەبەرانی سەنتەرەکانی ناو شاری هەولێر و هەروەها شاری سلێمانی بەڵام داخەکەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەنیا بواریان بەخۆیان داوا کوم و کورییەکانی سەنتەرەکان دەربخەن و ئێمەیش لەم کارەیان دەستخۆشیان لێدەکەین بەڵام بەمەرجێک لەپاڵ ئەو جۆرە دەرخستنە باس لەم گیروگرفتانەی ئێمەی خاوەن سەنتەرەکانیش بکەن و ئەوەش بە بیری گەنجی کوردستانی بهێننەوە کە ئەوەی ئەو داوای دەکات پەیوەستە بەو هەڵسوکەوت و ئاکارەی کە لەنێو سەنتەرەکان دەینوێنێت، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین لە بابەتێکی تردا تیشک بخەینە سەر گۆڕانکارییەکان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ نەوەک نێگەتیڤ.**

سەنتەری هیمداد – هەولێر